## نامەیەك بۆ بیرو ڕای گشتی دەربارەی : نەخشەی سیاسی PDK بۆ تیرۆرکردنی کەسایەتی نووسەرێك !

هەموو لایەک ئاگادارن کە لە کوردستاندا نە ئازادی بیروڕا دەربڕین و نە ئازادی نووسین و ڕەخنە گرتن هەیە. لە دەسەڵات و ئۆرگانە حکومییەکان. ئازادی ڕا دەربڕین و ڕەخنەگرتنیش لە دەسەڵات و ئۆرگانە حکومییەکان ، پێوەری ڕاستەقینەیە دیاردەی شارستانی بوون ، دیموکراتی بوون و ئازاد بوونی هەر کۆمەڵگەیەکە. نەبوونی ئازادی ڕەخنەگرتن و ئازادی بیرو ڕا ، دوونیشانەی ڕاستەقینەن بۆ ئەوە لە کۆمەڵگەی کوردستاندا نە (دیموکراتی) هەیە و نە (مافەکانی مرۆڤ)یش پارێزراون و، نە ئەو کۆمەڵگەیەش بەم حاڵەی ئێستایەوە دەتوانرێت بخرێتە ئاستی کۆمەڵگە شارستانی و دیموکراتییەکانی ئەمڕۆی دنیاوە.

لە کوردستاندا هیچ کەسێک مافی ئەوەی نییە کە بە ئازادی بیربکاتەوە و ئەو بیرو ڕایەی کە دڵخوازی خۆیەتی بیکات یە ڕێبازێک بۆ ژیانی تایبەتی خۆی بە ئازادی مارەسەی کاری سیاسی بکات ، چونکە هەزار قەیدو بەندی بۆ دانراوە .

ئەوەی کە من دەمەوێت لەم نامەیەدا بە هەموو لایەکی ڕابگەیەنم ، پێشێل کردنی بە ئاشکرای سەرەتایی ترین مافی ئازادی ڕادەربڕین و ڕەخنە گرتنە لە دەسەڵاتی سیاسی لەکوردستاندا .

نووسەران و ڕۆژنامە نووسانی نا حیزبی و بێ لایەنی کورد لە کوردستاندا ، هیچ مافێکی نووسین ، ڕەخنەگرتن و بیروڕا دەربڕینی ئازادانەیان نییە ، بەو شێوەیەی کە خۆیان مەبەستیانە. هەر نووسەر و ڕۆژنامە نووسێک بیەوێت ڕەخنە لە دەسەڵاتی سیاسی بگرێت ، ئەوا بە دەستی خۆی گۆڕ بۆ خۆی هەڵدەکەنێت. ئەو بارە ناهەموار و دژی دیموکراتیەش بووەتە هۆی ئەوە کە بەشێک لە ڕۆشنبیران ، نووسەران و ڕۆژنامەنووسانی کورد، بۆ ڕزگار کردنی گیانی خۆیان لە شاڵاوی تیرۆریستانەی دەسەڵات و ئیدارەی سیاسی ئەمڕۆی کوردستان و بۆ درێژە دان بە پیشەکەیان ، بەناچاری بەرەو وڵاتانی ڕۆژ ئاوایی کۆچ بکەن و ئاوارە ببن.

منیش وەک نووسەرێکی ئازادیخواز، کە ڕەخنەم لە شێوەی دەسەڵات و کەڵچەری دواکەوتوانەی کۆمەڵی کوردستان گرتووە ، دەیان جار کەوتوومەتە بەر مەترسی مەرگەوە و تا سەر ئەنجام ناچار کرام لە 21 /1 / 2000 دا کوردستان بەجێ بهێڵم و ئێستایش بۆ سێ ساڵ دەچێت کە لەلایەن حکومەتی کەنەداوە وەک پەنابەرێک شەرەفی ئەندام بوونم لە کۆمەڵگە دیموکراتی و ئازادەکەیاندا پێ بەخشراوە، بەڵام بەم حاڵەشەوە، (پارتی دیموکراتی کوردستان) لە ڕێگای چەند ووتار و نووسینێکمەوە ڕەخنەم ئاراستە کردووە ، دەست لە دوژمنایەتی کردنم بەر نادات. ئێستا (پارتی دیموکراتی کوردستان) ، کە حیزبێکی گەورە و هێزێکی دەسەڵاتدارە لە کوردستاندا و هەموو بڕیارو یاساکانی نیوەی کۆمەڵی کوردستانی لە دەستدایە، دەستی بەمن ڕاناگات تا تیرۆری جەستەییم بکات و لەم ڕێگایەوە مافی ڕادەربڕینم بخاتە گۆڕەوە، ئەو حیزبە ناچار بووە لەڕێگایەکی ترەوە مافی ئازادی نووسین و ڕەخنە گرتنم لێ زەوت بکات و بەجۆرێکی تر تیرۆرم بکات. ئەوحیزبە لەڕێگای دەزگا سیخوڕەکەیانەوە کە بە (پاراستن) ناسراوە دەستی بۆ نوێ ترین هۆکاری تیرۆریستی و تیرۆر کردنی منی نووسەر بردووە.

ئازادی نووسین و ڕەخنەگرتن و ڕا دەربڕین ، ئەوە سەرەتایی ترین مافی هەر نووسەر و ڕەخنەگرێکە ، بەڵام (پارتی دیموکراتی کوردستان) ئەو مافەی بە من (وەک نووسەر و ڕەخنەگرێک) ڕەوا نەبینیوە و

بەو هۆیەشەوە دەستی بۆ تیرۆری کەسایەتیم بردووە، ئەویش لە ڕێگای دروست کردنی فایلێکی ساختەو تەزویرەوە و بڵاو کردنەوەی ئەو پەروەندە ساختەیە لە هەفتەنامەیەکی سیاسی خۆی دا ، کە ناوی (باسەرە)یە. من لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، بۆ بەرگری کردن لە تیرۆر کردنی کەسایەتی خۆم و بۆ ئاشکرا کردن و ڕیسواکردنی ئەو سیاسەتە دژی دیموکراتی و دژی ئازادییەی (پارتی دیموکراتی کوردستان) و دەزگای (پارستن) و هەفتەنامەکەیان، چەند ووتارم لە هەردوو ماڵپەری کوردی زمانی (کوردستان پۆست) و (دەنگەکان) دا بڵاو کردووەتەوە و تیایاندا جەختم لەسەر ئەوە کردووە کە ئەوە پلانێکی دژی دیموکراتی (پارتی دیموکراتی کوردستان)ە تا لەو ڕێگایەوە بە دەم کوتکردن تیرۆرم بکەن. ئەو بەناوفایلەیش تەزویرێکی ئاشکرایە کە لە مێژووچەی ژیانی مندا کردوویانە بەمەبەستی تیرۆر کردنی کەسایەتیم . لەم نامەیەشدا هەموو لایەک لە مەترسی ئەو کارەی کە ئەم حیزبە دەرهەق بە من ئەنجامی داوە ئاگادار دەکەمەوە و بە هەموو لایەکیش ڕادەگەینم ئەوە تەنها ئەتک کردنی کەسایەتی نووسەر و ڕەخنەگرەکانی ئەو حیزبە خێڵەکییە نییە، بەڵکو ئەوە هەڕەشەیەکە لە سەر گشت پرۆسەی دیموکراتی و ئەتکردنی بە ئاشکرای ئازادی بیرو ڕایشا.

بە پێ ی ئەو بە ناو فایلە، گوایە من لەساڵی 1985 دا (جیش الشعبی) بووم و پەیوەندیم بە لقێک لە لقەکانی حیزبی بەعسەوە هەبووە لە ناو شاری سلیمانی دا و لە جەنگی عێراق ـ ئێرانیش دا بەشدار بوومە!! . بەشێکی زۆر لە خەڵکی شارۆچکەی پینجوین و شاری سلێمانی ، و بەشێکی زۆر لەو کەسانەی کە لە منداڵی یەوە تا ئەمڕۆ هاوڕێ و برادەری منن ، ئەو ڕاستی یە دەسەلمێنن کە ئەو بە ناو بەڵگەنامەیە تەزویرو ساختەیە . جگە لەوەیش ، تەنانەت لە خودی چاپ کردن و قواعد و ئیملای عەرەبی یەکەی دا هەڵەی زۆر زەقی تیا کراوە و لە ووتارێکم دا ئەو هەڵانەم خستووەتە ڕوو کە لەو فایلە تەزویرەدا کراوە . ئەمە سەرەڕای زۆر شتی گەورەو ووردەکاری تر کە هێشتا کاتی ئاشکرا کردنیان نەهاتووە بۆ سەلماندنی ئەوە کە ئەو فایلە ڕەشە ساختەیە و (پارتی دیموکراتی کوردستان) زۆر ناشیانە بۆیان دروست کردووم ، تا بە خەیاڵی خۆیان پێنووسەکەم لەکار بخەن و کەسایەتیم تیرۆر بکەن....

لەڕێگای ئەم نامەیەوە ، داوام لە هەموو لایەک ئەوەیە کە چاوپۆشی لەو کردەوە تیرۆریستی یەی (پارتی دیموکراتی کوردستان) نەکەن و گوشار بخەنە سەری کە هەڵوێستی ئاشکرای خۆی لە سەر ئەو تەزویر نامەیە ڕوون بکاتەوە و دەست لەو کردەوە تیرۆریستی یەی هەڵبگرێت کە بەرانبەر بە نەیارانی سیاسی خۆی ، بەرانبەر بە ئازادی بەیان و چاپەمەنی و نووسەرانی ڕەخنەگری ئەنجامی داوە و ئەنجامی دەدات. منیش لای خۆمەوە ئامادەم لە بەر دەمی هەر دادگایەکی عادیلانە، لە دەرەوەی کوردستاندا ، بە بەڵگەی زۆر زانستی و زیندووەوە ، تەزویر بوون و ساختە بوونی ئەو فایلە بسەلمێنم بۆ هەموولایەک. هەرلێرەشدا ، داوا لە هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە دەیانەوێت (مافەکانی مرۆڤ) لەکوردستاندا بچەسپێت و کوردستان بکرێتە کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و دیموکراتی، بێ دەنگی لەو سیاسەتە دیکتاتۆرانە و ترسناکەی (پارتی دیموکراتی کوردستان) نەکەن کە بەرانبەر بە ئازادی بیرورا و بەرانبەر بە نووسەرانی ڕابردوو پاک دەیەوێت پیادەی بکات. بۆیە هەموو لایەک دڵنیا دەکەمەوە کە بێ دەنگە کردن لەم کێشەیە (کە "پارتی" بۆ منی نووسەری دروست کردووە و بە فایلێکی تەزویرکراو و ساختە تیرۆری کەسایەتی منی کردووە)، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ شەرعیەت دانە بەوەستاندنی پرۆسەی دیموکراتی لە کوردستاندا و دیکتاتۆریەتێکی بەعسیانەیە لە جل و بەرگێکی کوردی دا زیندوو

دەکاتەوە. هەموو لایەک پێویستە کە گوشار بخەنە سەر (پارتی دیموکراتی کوردستان) تا ئەو هەفتەنامەیەی کە هەمان تەزویر نامەی بڵاو کردووەتەوە بۆ شکاندنی کەسایەتی من ، سەرچاوەی بەدەستهێنانەکەی ئاشکرا بکات و پاش ئاشکرابوونی ڕاستی یەکانیش هەفتەنامەی (باسەڕە) بۆ هەتا هەتایە دا بخرێت و خاوەن و ئیمتیازو سەرنووسەرەکەیش لێکۆڵینەوەی یاسایی یان لەگەڵ دا بکرێت و لە کاری نووسین و ڕۆژنامەگەری دوور بخرێنەوە.

**تاهیر ساڵح شەریف**
Taher4@msn.com
**9 مارسی 2004**
**تۆرۆنتۆ ـ کەنەدا**

***تێ بینی :***
***1 ـ لە ڕۆژانی داهاتوودا ئەم نامەیە وەردەگێڕدرێتە سەرزمانی ئینگلیزی، فارسی و عەرەبی و بۆ هەموو ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، ڕێکخراوەکانی نووسەران و ڕۆژنامە نووسانی جیهانی و وەزارەتی دەرەوە و وەزارەتی دادی کەنەدا بەرێ دەکرێت.***
***2 ـ هەرکەس و لایەنێک ئەم نامەیە پێ دەگات مافی لەبەرگرتنەوە، بڵاوکردنەوە و وەرگێڕانی بۆ سەر زمانەکانی تری دنیا هەیە و هەرکەسێک ئەو ئەرکە لە ئەستۆ بگرێت، چ لە ناوەوە بێت، یان لە دەرەوەی کوردستان ، من بۆ ئەو ئەرکە مرۆڤانەیەی سوپاسی دەکەم .***